**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق**

بەپێی ئەو دەسەلآتەی برگەی(١)ی ماددەی(١٠)ی( یاسای سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان ـ عێراق)ی ژمارە(١)ی ساڵی ٢٠٠٥ی هەموارکراو پێمان دراوە، بڕیارماندا بە دەرکردنی بریاری ژمارە(٥) سالّی ٢٠١٣ کە پەرلەمانی کوردستان ـ عیراق لە دانیشتنی ژمارە(٣٠) لە ٢٠١٣/٦/١٢ پەسەندی کردووە:

**بڕیاری ژمارە ( ٥ )ی ساڵی ٢٠١٣**

**یەکەم:** پەسندکردنی پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لەنێوان دەسەلآتە گشتییەکان و رێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان ـ عیراق

**دووەم:** پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان پابەندبن پێی و بەندەکانی جێبەجێ بکەن.

**سێیەم:** پەیمانی ناوبراو بەپاشکۆی ئەم بڕیارە دادەنرێ و لەرۆژی دەرچوونیەوە کاری پێ دەکرێ و لەرۆژنامەی فەرمی (وەقائیعی کوردستان)دا بلآودەکرێتەوە.

**مسعود بارزانی**

**سەرۆکی هەرێمی کوردستان ـ عیراق**

**هەولێر**

**٤/تەمموز/٢٠١٣ی زایینی**

# پەیمانی هاوبەشی و گەشەپێدان لە نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان - عێراق

## I. پێشەکی

ئەم پەیمانە بریتییە لە ڕێککەوتنی نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان، کە بریتیین لە دەسەڵاتەکانی یاسادانان و جێبەجێکردن، لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان - عێراق.

ئامانجی گشتیی پەیمانەکە بریتییە لە جەختکردنەوە لەوەی سەرجەم لایەنەکان پێکەوە بە شێوەیەکی کارا و بە هاوبەشی کار دەکەن بە مەبەستی پتەوکردنی دیموکراسی و کۆمەڵگەی مەدەنی و سەقامگیریی کۆمەڵایەتی و فەرمانڕەوایی باش لە پێناو بەرژەوەندیی هەرێمی کوردستان، کۆمەڵگە و هاوڵاتیانی.

ئەم پەیمانە ڕەنگدانەوەی سیاسەتی بواری هاوکارییە وەك قۆناغێکی بنەڕەتیی لە پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکانی هەرێمی کوردستان– عێراق. دەسەڵاتە گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەتوانن لە ڕێی دانوستانەوە پەیوەندییەکی پتەو و باشتر پێک بهێنن و بچەسپێنن، وەك چۆن لە ئامانجەکانی یاسای ژمارە (١) ی ساڵی (٢٠١١) یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان هاتووە.

ئەم پەیمانە پشت دەبەستێت بەو تێگەیشتنەی کە لە پێناو بەدیهێنانی سیستمێکی دیموکراتیی بەردەوام و گەشەسەندوو، دەبێت لە پرۆسەی دروستکردنی بڕیاردا

دەسەڵاتە گشتییەکان بەشداریی بە هاوڵاتیان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان بکەن.

**ئەم پەیمانە ئەم خاڵانە ڕوون دەکاتەوە:**

- ڕۆڵی تەواوکاری دەسەڵاتە گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان؛
- پرەنسیپەکان و ئامانجەکان و میکانیزمەکانی هاوکاریی نێوان هەردوو لایەنەکە؛
- ئەولەوییاتی هاوکاری و پێکەوە کارکردن و هاوبەشیکردن؛ و
- میکانیزمی جێبەجێ کردن و چاودێری کردن.

**ئەم پەیمانە ئەم خاڵانەی خوارەوە دەسەلمێنێت:**

- پاراستنی سەربەخۆیی ڕێکخراوە ناحکومییەکان تەنانەت ئەگەر پشتیوانی داراییش لە دەسەڵاتە گشتییەکان وەربگرن.
- بەشداریی کارای ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە گەشەپێدانی کۆمەڵگەیەکی دیموکرات.
- مافی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە ئەنجامدانی چالاکییەکانی داکۆکیکردن لە بەرامبەر بە دەسەڵاتە گشتییەکان.

## II. بەیاننامەی نوێنەرایەتیی

دەسەڵاتە گشتییەکان (دەسەڵاتی یاسادانان و جێبەجێکردن) و ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە هاوبەشی بەندەکانی ئەم

پەیماننامەیان داڕشت، پەرلەمانی کوردستان پەسەندی کرد لە (٢٠١٣/٦/١٢ ).

## III. بەها و پرەنسیپەکان

### ١. هاوبەشیی هاوتایانە

دەسەڵاتە گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە شێوەیەکی پربایەخ و هاوتا لەناو کۆمەڵگەدا ڕۆڵی تەواوکاری دەگێڕن، ڕێکخراوە ناحکومییەکان دان دەنێن بە ڕۆڵی دەسەڵاتە گشتییەکان کە بە شێوەیەکی دیموکراتیی هەڵبژێردراون، دەسەڵاتە گشتییەکانیش پابەند دەبن بە پاراستن و بەرزڕاگرتنی مافی هاووڵاتیان و ڕێکخراوەکانیان لە ڕێکخستنی خۆیان و لە داڕشتنی ئامانجەکانیان و ئەنجامدانی چالاکییەکانیان لە چوارچێوەی یاسادا، هەردوولا دان دەنێن بە بایەخ و بەهای هەبوونی پەیوەندییەکی ئەرێنی و هاوبەشییەکی بەپرشت (بەرهەمدار) لە پێناو بەرژەوەندیی گشتیی بە شێوەیەکی کاراتر.

### ٢. سەربەخۆیی

ڕێکخراوە ناحکومییەکان ئازادن و سەربەخۆیی تەواویان هەیە لە:

أ. دامەزراندن و بەڕێوەبردنی کارەکانی خۆیان بە پێی پەیڕەو و پرۆگرامی ناوخۆیی ڕێکخراوەکانیان لە چوارچێوەی یاسای ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە هەرێمی کوردستان؛

ب. مافی ئەنجامدانی چالاکی و هەڵمەت و دەربڕینی سەرنج و بیروبۆچوونیان لەسەر سیاسەتەکانی دەسەڵاتە

گشتییەکان، بۆیان هەیە هەر ڕێگە و ئامرازێکی دیکەی مەدەنی و یاسایی بگرنە بەر؛ و

ت. کاتێک لە بودجەی گشتیی (تەمویل) دەدرێت بە ڕێکخراوە ناحکومییەکان، نابێت کۆت و بەند و مەرجی سیاسی بسەپێندرێت بەسەریاندا و کار بکاتە سەر سەربەخۆییان.

## ٣. شەفافییەت و بەرپرسیارێتی

سەبارەت بە چالاکییەکان و بەکارهێنانی سەرچاوە تەرخانکراوەکان، و لەبەر بەرژەوەندیی گشتیی، پێویستە دەزگا گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان کراوە بن و بکەونە ژێر بەرپرسیارێتی. لە پێناو چەسپاندنی شەفافییەت، هەردوو لایەن پابەند دەبن بە دابینکردن و گەیاندنی داتا و زانیارییەکان بە هاوڵاتیان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن.

## ٤. یەکسانیی لە مامەڵەکردن

ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دەسەڵاتە گشتییەکان پابەند دەبن بە پرەنسیپی یەکسانیی و ئازادیی لە نێوان سەرجەم هاوڵاتیان و ڕێکخراوەکانیان لە بەشداریی لە بواری گشتیی. هەردوو لایەن دان دەنێن بە:

أ. جۆراوجۆریی ڕێکخراوەکان و شێوازی بیرکردنەوەیان و ئامانجەکانیان؛ و

ب. پێویستی خۆپاراستن لە ناوزڕاندن و بە کەم سەیرکردنی توانای ڕێکخراوەکانی دیکە یان بیروبۆچوونیان، یان ئەو کەسانەی کاری تێدا دەکەن.

**٥. ڕۆڵ و بەشداریی هاوڵاتیان**

دەستپێشخەریی هاوڵاتیان و بەشداریی خۆبەخشانەیان لە بواری گشتییدا بریتییە لە بەشێکی دانەبڕاو لە کۆمەڵگەی دیموکراتدا. ڕێکخراوە ناحکومییەکان یەکێکن لە کەناڵی نوێنەرایەتیکردنی بەها و بەرژەوەندییە جۆراوجۆرەکان لە بوارەکانی وەك داڕشتنی سیاسەتەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاریی گونجاو بە کۆمەڵگە خۆجێییەکان.

**٦. کارایی و بەردەوامبوون**

دەسەڵاتە گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان پابەند دەبن بە پەیمانەکانیانەوە لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجەکانی پەیمانەکە، کارکردن بۆ درێژەدان و بەردەوامیی هاوبەشیی و هاوکاری نێوانیان لە پێناو گەشەسەندنێکی بەردەوام سەرەڕای هەر گۆڕانکارییەکی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی.

**IV. ئامانجی چاوەڕوانکراو لەم هاوبەشییە و پابەندبوونە پێویستەکان**

**ئامانجی ١: کۆمەڵگەی مەدەنیی چالاک و ڕێکخراوی کارا**

**<u>بەڵێنەکانی دەسەڵاتە گشتیەکان:</u>**

١. گەرەنتیکردنی پتەوکردنی کلتوری هاوڵاتیبوون.

٢. پێویستە دەسەڵاتە گشتییەکان دەستپێشخەریی بکەن بۆ ڕێکخستنی مێزگرد و گفتوگۆی کراوە بۆ تیشک خستنە سەر بایەخی هەبوونی کۆمەڵگەی مەدەنی و ڕوونکردنەوەی ڕۆڵی هەبوونی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە کۆمەڵگەی دیموکراتیدا، هەروەها دروستکردنی پردی

پەیوەندیی لە نێوان ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دەسەڵاتە گشتییەکان.

٣. دابینکردنی بەرنامەی تواناسازی بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان بە پێی پێویستییەکانی ڕێکخراوەکان، و لە ڕێگەی پلانێکی تۆکمەوە.

٤. گەرەنتیکردنی هەبوونی سیستەمێکی کارا بۆ پشتگیریی لە دەستپێشخەریی مەدەنی، لە نێویاندا ڕەخساندنی دەرفەتی ڕاوێژکاری و خولی ڕاهێنان، کە بۆ ڕێکخراوە نوێیەکانیش بەردەست دەبێت، بە مەبەستی یارمەتیدانیان لە بونیادنانی تواناکانیان و بەدیهێنانی ئەنجامی ئەرێنی.

٥. گەرەنتیکردنی پشتگیریکردنی پڕۆژەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دابینکردنی سەرچاوەی مادی و مەعنەوی بۆیان بە شێوەیەکی پیشەیی و دادپەروەرانە، کە بتوانن ئامانجە گشتییەکان بەدی بهێنن.

٦. دانانی سیستەمێکی تۆمارکردنی ئەلیکترۆنی بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان.

٧. گەرەنتیکردنی شەفافییەت لە ڕێی گەیاندنی داتا و زانیاری و زیاترکردنی توانای دەستگەیشتن بە داتا و زانیارییەکان، بە شێوەیەك کە ڕێگە بۆ ڕێکخراوە ناحکومییەکان و هاوڵاتیان و کەناڵەکانی ڕاگەیاندن خۆش بکات بۆ دەربڕینی نارازیبوون لە سیاسەتە پیادەکراوەکان

و له پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکان و بۆ بەرپرسیارکردنی دەسەڵاتە گشتییەکان.

٨. ڕەچاوکردنی دابینکردنی شێوازی جۆراوجۆری پشتگیریی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، وەك دەرفەت ڕەخساندن بۆ بەکارهێنان و سودوەرگرتن لەو شوێن و جێگە و سەرچاوانەی موڵکی دەوڵەتن.

**ڕۆڵێنەکانی رێکخراوە ناحکومیەکان:**

١. داڕشتنی بەرنامە و پرۆژە بۆ پتەوکردنی کلتوری هاوڵاتیبوون.

٢. رێکخستنی گفتوگۆ لەسەر هەندێک چەمك وەك: دیموکراسی، هاوڵاتیبوون، کۆمەڵگەی مەدەنی، شەفافییەت، بەرپرسیارێتی و بەشداریی هاولاتیان لە کاروبارە گشتییەکان.

٣. هەوڵدانی بەردەوام بۆ کاری جیاواز و کارا، پیشەییبوون، و نایابێتی لە پێناو بەدیهێنانی باشترین ئەنجام لە کارەکانی.

٤. پابەندبوون بە فێربوونی بەردەوام، و دانانی پەیامی ڕوون و ئامانجی دیاریکراو کە بتوانرێت بهێنرێتە دی، دانانی میکانیزمی بەرپرسیارکردن لە پێناو ئاشناکردنی هاوڵاتیان و زیاترکردنی متمانەیان بە رێکخراوە ناحکومییەکان.

٥. ئاشناکردنی لایەنگر و ئەندام و کارمەند و سودمەندانی پرۆژەکان و هاوڵاتیان بە پرەنسیپەکانی هاوکاریی

دوولایەنە (ڕێکخراوە ناحکومییەکان و هاولاتیان)، و ئەولەوییاتی کار و مومارەساتی باش.

٦. پابەندبوون بە پاراستنی مافەکانی تاکەکان لە نێو ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کارکردن بە پرەنسیپە دیموکراسییەکان لە بەڕێوەبردنی ڕێکخراوەکان.

## ئامانجی ٢: بەشداریی چالاک لە دروستکردنی سیاسەتەکاندا

**<u>بەڵێنەکانی دەسەڵاتە گشتییەکان:</u>**

١. بە-دامەزراوەییکردنی بەشداریی هاوڵاتیان لە دروستکردنی سیاسەتەکان لە پەرلەمان و حکومەت.

٢. پەرلەمانی کوردستان لە دروستکردن و داڕشتنی سیاسەتە گشتییەکاندا ڕاوێژ لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان دەکات لە ڕێگەی کەناڵی جیا جیا.

٣. ئەندامانی پەرلەمان کار بە پرەنسیپی کۆبوونەوەی کراوە بکەن لەگەڵ خەڵك لە ناوچەکانیان، و کۆبوونەوەی گشتیی ساز بکەن بۆ تاوتوێی سیاسەتە گشتییەکان .

٤. پتەوکردنی تواناى ناوەندەکانی توێژینەوەی تایبەتمەند تا بتوانن بەشداریی بکەن لە پێشکەشکردنی ڕاوێژ و لێکۆڵینەوە لەسەر سیاسەتە گشتییەکان.

٥. دەرکردنی یاسایەك کە مافی دەستگەیشتن بە زانیاریی فەراهەم بکات، لەگەڵ دانانی میکانیزمی پێویست بۆ جێبەجێکردنی.

٦. گەرەنتی بوونی کەناڵی پەیوەندیی شەفاف و ئاسان بۆ ئاگادارکردنەوەی لایەنە پەیوەندیدارەکان و خەڵکی.

٧. وەڵامدانەوەی خێرا و کارا بۆ دەستپێشخەرییەکانی رێکخراوە ناحکومییەکان.

٨. رەخساندنی دەرفەتی لەبار بۆ رێکخراوە ناحکومییەکان تا نوێنەری خۆیان دابنێن لە دەستە و دەزگا و لیژنە کراوەکان، و رێزگرتن لەو دەسەڵاتەی بە نوێنەرەکان دەبەخشرێت.

٩. دانپێدانان بەوەی بە تەنها هیچ رێکخراوێک یان تۆربەندێک نوێنەرایەتیی هەموو رێکخراو و تۆرەکانی کوردستان ناکات.

١٠. کارکردن لەگەڵ رێکخراوە ناحکومییەکان لەسەر داڕشتنی سیاسەتەکان لە قۆناغە بەراییەکانەوە، جەختکردنەوە لە بەشداریی ئەو رێکخراوانەی ئەگەری ئەوەیان هەیە بۆچوونی خۆیان هەبێت هەر لە دەستپێکی پرۆسەکەوە، لابردنی ئەو ئاستەنگانەی رێگە لە بەشداریی رێکخراوەکان دەگرن.

١١. گەیاندنی ئاگادارینامەیەکی پێشوەخت سەبارەت بە گفتوگۆ و ڕاوێژ و بابەتەکانی داهاتوو، بۆ ئەوەی رێکخراوە ناحکومییەکان کاتی پێویستیان لەبەردەستدا بێت تاوەکو بەشداریی بە خاوەن بەرژەوەندییەکان بکە لە ئامادەکردنی وەڵامەکانیاندا.

١٢. پێویستی وەرگرتنی سەرنج و دەرهاویشتەی ڕێکخراوە وەڵامدەرەکان، هەروەها پیشاندانی پڕی کاریگەری وەڵامدەرەکان لەسەر داڕشتنی سیاسەتەکان، لەگەڵ ئاماژەدان بەو بۆچوونانەی وەڵامدەرەکان کە ڕەچاو نەکراون یان بەدواداچوونیان بۆ نەکراوە.

١٣. ئەنجامدانی راوێژی فەرمی و کاریگەر، بە نوسراو یان بە هەر رێگەیەکی تر، لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دابینکردنی هۆکار و ڕوونکردنەوەی لۆجیکی بۆ هەر بریارێك.

**ڕەڵێنەکانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان:**

١. پیادەکردنی سیاسەتی هەڵمەت ئەنجامدان و داکۆکی و فشار (لۆبی) بۆ جەختکردنەوە لە بوونی میکانیزمی ڕاوێژ لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان سەبارەت بە سیاسەتە گشتییەکان لە پەرلەمان و دەستگاکانی جێبەجێکردن، و جەختکردنەوە لە پیادەکردنی ئەو میکانیزمانە.

٢. پاڵپشتیکردنی ڕاوێژەکانی حکومەت و بەدەمەوەچوونی بە پێی توانا.

٣. ڕاوەرگرتنی ئەندامان و سوودمەندان و بەکارهێنەرانی خزمەتگوزارییەکان و خۆبەخشەکان و ڕازگران لە کاتی نوێنەرایەتیکردن لە دەزگا گشتییەکان. ڕوونکردنەوەی ئەوەی نوێنەرایەتی کێ دەکرێت (بە شێوەیەکی زانستی و پیشەیی)، خەسڵەتەکەی، و ئەو بناغانەی ئەم نوێنەرایەتییەی لەسەر دامەزراوە.

٤. لە کاتی گەڵاڵەکردنی بیرۆکە و پێشنیار بۆ ئایندە، جەخت دەخرێتە سەر ئەو ڕێگەچارانەی پشت بە بەڵگە دەبەستن، لەگەڵ پێشکەشکردنی پێشنیاری ڕوون لەسەر ئەنجامە ئەرێنییەکان و لە چوارچێوەی کاتبەندییەک کە ڕێککەوتنی لەسەرکرابێ.

٥. پشتگیریی لە هاوکاریی نێوان ڕێکخراوە ناحکومییەکان و هاوکات ڕێزگرتن و بە هەند وەرگرتنی بیروبۆچوونی ڕێکخراوە ناحکومییەکانی تر.

٦. جەختکردنەوە لە ڕێزگرتن لە سەربەخۆیی ڕێکخراوەکان و ڕێزگرتن لەو سەربەخۆییە، جەختکردنەوە لەو دۆزەی نوێنەرایەتیی دەکرێت، بە بێ ڕەچاوکردنی هیچ پەیوەندییەك لەگەڵ دەسەڵاتە گشتییەکان، جا دارایی بێت یان هی دیکە.

## ئامانجی ٣: تەمویلی بەردەوامی دەستپێشخەرییە مەدەنییەکان

**ڕەڵێنەکانی دەسەڵاتە گشتییەکان:**

١. ڕەچاوکردنی شێوازی جۆراوجۆر بۆ تەمویلکردنی پرۆژەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و دابینکردنی سەرچاوە بۆیان، لەناو ئەمەشدا کۆمەك و گرێبەست و تەمویلکردنی قەرز و بەکارهێنانی باڵەخانە و خزمەتگوزاریی گشتیی. کارکردن بۆ لابردنی ئەو ئاستەنگانەی دێنە پێش ڕێکخراوەکان لە بواری بەدەستهێنانی تەمویل لە دارایی گشتیی، بە تایبەتی ڕێکخراوە بچووکەکان.

٢. دانانی سندوقێک بۆ پشتگیریی و تەمویلی پرۆژەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان، کە بە یاسایەك ڕێک دەخرێت.

٣. جەختکردنەوە لە ئیدارەی باش و پیادەکردنی شەفافی لە جاڕدانی پرۆپۆزەڵی پرۆژەکان، و گونجاندن و تەباییان لەگەڵ ئامانج و ئەنجامەکانی بەرنامەکە.

٤. جەختکردنەوە لە پیادەکردنی شەفافییەت لە ڕێی پێشکەشکردنی بناغەیەکی لۆجیکی و ڕوون بۆ هەر بڕیارێک لە بڕیارەکانی تەمویلکردن. پێشکەشکردنی سەرنج و ڕوونکردنەوەی هۆکارەکان بەوانەی داواکارییان پێشکەش کردووە ئەگەر داواکارییەکەیان بۆ وەرگرتنی تەمویل ڕەت کرایەوە.

٥. ڕێککەوتن لەگەڵ ڕێکخراوە ناحکومییەکان لەسەر شێوازی بەدواداچوون و چاودێریی چالاکی و ئەنجامەکان پێش ئەوەی گرێبەست یان ڕێککەوتننامەی تەمویل ساز بکرێت. جەختکردنەوە لەوەی چاودێری و ئامادەکردنی ڕاپۆرت پەیوەندیدار دەبن بە بابەتەکەوە و لەگەڵ سروشت و قەبارەی دەرفەتەکە دەگونجێت. ڕوونکردنەوەی زانیارییە داواکراوەکان، و هۆی داواکردنی ئەو زانیارییانە، و چۆنیەتی بەکارهێنانیان، لەگەڵ دانپێدانان و پەسەندکردنی پێدانەوەی خەرجییە کارگێڕییە پەیوەندارەکان کاتێک ڕێکخراوەکان داواکاریی بۆ وەرگرتنی کۆمەك پێشکەش دەکەن.

٦. ئامادەکردنی ڕوونکردنەوە و ڕێنمایی پێویست لەسەر شێوازی کارکردن لەسەر ئەو سەرچاوە نەختینە و نانەختینە تەرخانکراوانەی لە دارایی گشتیی دەدرێن، و چۆنیەتی بەکارهێنانیان، ئامادەکردنی ڕاپۆرت لەسەر بەکارهێنانیان.

٧. داڕشتنی سیستەمێکی باج کە هانی دەستپێشخەریی مەدەنی و کاری خێرخوازی بدات لە پێناو زیاترکردنی بایەخدانی کەرتی تایبەت بە پشتگیریی چالاکییە قازانج-نەویستەکان.

٨. جەختکردنەوە لە ڕێگە نەگرتن لە ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە ئەنجامدانی ئەو چالاکییانەی یاسا ڕێگەی پێداون، لە پێناو پتەوکردنی بناغەی ئابوریان.

٩. دابینکردنی تەمویل بۆ پرۆژەی ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە ڕێی بودجە و داهاتی وەزارەتە جۆراوجۆرەکان و هەر دامەزراوەیەکی دیکەی گشتیی لە هەرێمدا، بە گوێرەی تایبەتمەندییان.

١٠. جەختکردنەوە لە هاوبەشیی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و وەرگرتنی ڕاوێژ و بۆچوونیان لەسەر ڕێوشوێن و ڕێنماییەکان، بەشدارییان لە لیژنەکانی هەڵسەنگاندنی پرۆژەکان (بە ڕەچاوکردنی ڕوونەدانی پێکدادانی بەرژەوەندیی).

## بەڵێنەکانی ڕێکخراوە ناحکومیەکان:

١. جەختکردنەوە لە بەکارهێنانی سەرچاوە تەرخانکراوەکان بە شێوەیەکی کارا بۆ مەبەستە دیاریکراوەکانیان لە پێناو بەدیهێنانی ئامانجە دیاریکراوەکان.

٢. جەختکردنەوە لە ڕەوایەتیی وەرگرتنی تەمویل پێش ئەوەی داواکاریی پێشکەش بکرێت، بە ڕاشکاوی و ڕوونییەوە تیشک بخرێتە سەر چۆنیەتی بەدەستهێنانی ئەنجامەکان.

٣. جەختکردنەوە لەوەی ڕێوشوێنەکان و ڕێساکانی بەڕێوەبردنی مەترسییەکان تەبا و پەیوەستن لەگەڵ بەدیهێنانی ئەنجامە خوازراوەکان بە باشترین شێوە، وەك ناردنی ئاگادارینامەی پێشوەخت بۆ تەمویلکاران سەبارەت بە هەر گۆڕانکارییەکی گرنگ کە لە ڕەوشەکەدا ڕوویدات.

٤. کرانەوە و شەفافییەت لە بەرامبەر ئامادەکردنی ڕاپۆرت و دانپێدانان بەوەی پرۆسەی وردبینی، دەرەکی بێت یان ناوخۆیی، یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ئیدارەی باش.

٥. پێویستە ڕێکخراوە ناحکومییەکان سەرچاوەی تەمویلەکانیان ئاشکرا بکەن و ڕایبگەیەنن.

## ئامانجی ٤: خزمەتگوزاریی بەرسقی خێرا و کواڵیتیی باش

**ڕەڵێنەکانی دەسەڵاتە گشتییەکان:**

١. ڕوونکردنەوەی پرەنسیپەکانی سپاردنی دەسەلات بە ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان، و گەیاندنی بە هاوڵاتیان.

٢. پابەندبوون بە تەمویلی پرۆژەی درێژخایەن چونکە باشترین ڕێگەیە بۆ بەدیهێنانی ئەنجامەکان، پێویستە ماوەی تەمویلی درێژخایەن بریتی بێت لە ڕەنگدانەوەی کاتی پێویست بۆ بەدیهێنانی ئەنجامەکە. ئەگەر دەرکەوت ناتوانرێت تەمویلی درێژخایەن پێشکەش بکرێ، بۆی هەیە تەمویلەکە ڕەت بکاتەوە و هۆیەکانی ئەم بڕیارەشی ئاشکرا بکات.

٣. ئەگەر خزمەتگوزارییەکە ڕووبەڕووی ئاستەنگ و گیروگرفت بووەوە، ئەوسا پێویستە لەگەڵ ڕێکخراوەکە لەسەر خشتەیەکی کات پێک بێت بۆ چاکترکردنی جێبەجێکردن، پێش ئەوەی بڕیار بدات لەسەر کۆتاییهێنان بە پەیوەندییە داراییەکە.

٤. دەبێت پێوەرەکانی ڕاگرتنی تەمویل ڕوون و ئاشکرا و دیاریکراو بن بۆ ڕێکخراوەکان.

٥. هەڵسەنگاندنی کاریگەرییەکانی وەستاندنی تەمویل لەسەر سوودمەندەکان و بەکارهێنەرەکانی خزمەتگوزارییەکە و خۆبەخشەکان. پێش ئەوەی بڕیار

بدرێت لەسەر کەمکردنەوە یان ڕاگرتنی تەمویلەکە و هەڵسەنگاندنی پێویستی گەڕاندنەوەی ئەو پارەیە بۆ ڕێکخراوێکی دیکەی هاوشێوە کە خزمەت بە هەمان گروپ و پرۆژە بکات.

٦. ئەگەر پەیوەندیی تەمویل یان شێوازی پشتگیرییەکە گۆڕانی بەسەردا هات یان کۆتایی هات، ئەوسا پێویستە بە نووسراو ئاگادارییبنامەیەك پێشکەش بکات بە گوێرەی سروشت و ماوەی پرۆژەکە.

٧. بەکارهێنانی دەرفەتە بەردەستەکان بۆ بەشدارییپێکردنی ڕێکخراوە ناحکومییەکان و کۆمەڵگەکان.

**بەڵێنەکانی ڕێکخراوە ناحکومییەکان:**

١. پلاندانان بۆ ئەگەری ڕاگرتن/کۆتاییهاتنی تەمویل، لە پێناو کەمکردنەوەی هەر کاریگەرێکی نەرێنی لەسەر سودمەندەکان و ڕێکخراوەکە.

٢. بەشدارییپێکردنی بەکارهێنەران و سودمەندانی خزمەتگوزارییەکان لە داڕشتنی پلان و جێبەجێکردنی خزمەتگوزارییەکاندا بۆ ئەوەی بە باشترین شێوە وەڵامی داواکارییەکانیان بدرێتەوە.

٣. سوود وەرگرتن لە سەرجەم ئامرازەکان بۆ بەشدارییپێکردنی خۆبەخشەکان و کۆمەڵگەکان لە پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکاندا.

٤. پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان دەسەڵاتە گشتییەکان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە کاتی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییەکاندا.

## 7. پەیکەری جێبەجێکردن و چاودێریکردن

١. لایەنەکانی ئەم پەیمانە بەرپرسن لە جێبەجێکردن و چاودێری کردنی پەیمانەکە.

٢. حکومەت دەستەیەك یان دەزگایەك ڕادەسپێرێت بۆ هەماهەنگی لە جێبەجێکردنی پەیمانەکە بە پێی تایبەتمەندی.

٣. دەستە یان دەزگای بەرپرس، بە بەشداریی پەرلەمان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان، ساڵانە کار دەکەن بۆ دانانی پلانێک بۆ جێبەجێکردنی پەیمانەکە.

٤. هەر دوو ساڵ جارێک لیژنەیەکی هاوبەش پێک دێت لە پەرلەمان و حکومەت و ڕێکخراوە ناحکومییەکان بۆ چاودێری جێبەجێکردنی پەیمانەکە و پلانی کارەکان، لیژنەکە لە ساڵێکدا بە لای کەمەوە سێ جار کۆبوونەوە دەکات، و ڕاپۆرتی ساڵانە بڵاو دەکاتەوە.

٥. دەستە یان دەزگای بەرپرس بە ڕاوێژ لەگەڵ پەرلەمان و ڕێکخراوە ناحکومییەکان میکانیزمی شیاو دادەنێت بۆ دیاریکردنی ژمارە و نوێنەری ڕێکخراوە ناحکومییەکان لە لیژنەکەدا.

٦. دوو ساڵ جارێک دانیشتنێکی ئاشکرای پەرلەمان ساز دەکرێت بۆ تاوتوێی جێبەجێکردنی پەیمانەکە و گەشەپێدانی کۆمەلگەی مەدەنی.

٧. هەموارکردن و هەڵوەشاندنەوەی ئەم پەیمانە لە دەسەڵاتی لایەنەکانی ناو پەیمانەکەیە، بە هەمان پرۆسەی پەسەندکردنی پەیمانەکە، پرۆژەی هەموار بە هاوبەشی ئامادە دەکرێت لە لایەن لایەنەکانی پەیمانەکە و لە پەرلەمان پەسەند دەکرێت.

٨. ڕێکخراو و لایەنەکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنی کە بەشدار نەبوون لە داڕشتن و پەسەندکردنی ئەم پەیمانە دەتوانن دوای پەسەندکردنی ناوەڕۆکی پەیمانەکە بەشدار بن، لایەنەکانی ئەم پەیمانە کار بۆ ئەوە دەکەن کە پەیمانەکە فراوان بکرێت بە شێوەیەك کە لایەنەکانی تری کۆمەڵگەی مەدەنی بگرێتەوە.